# خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا بە پێی پەتی وڕووتی وخەتەنە نەکراوی حەشر دەکرێن

لە عائیشە دایکی ئیمانداارانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا بە پێی پەتی وڕووتی وخەتەنە نەکراوی حەشر دەکرێن»، (عائیشە دەڵێت): ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا پیاوان وئافرەتان هەموویان سەیری یەکتری دەکەن؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی عائیشە، ڕەوشەکە لەوە ترسناکترە کە ئەوەیان بەلاوە گرنگ بێت سەیری یەکتر بکەن».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەسفی هەندێك دیمەنی ڕۆژی قیامەتی کردووە، پاش ئەوەی خەڵکی زیندوو دەکرێتەوە لە گۆڕەکانیان بۆ لێپرسینەوە لە یەك شوێندا کۆ دەکرێنەوە، حاڵیان بەم شێوەیە: پێ پەتین ونەعالیان لە پێدا نیە، وڕووتن وهیچ پۆشاك وشتێکی داپۆشەریان لەبەردا نییە، وخەتەنە نەکراون وەکو ئەو ڕۆژەی دایکیان ئەوانی بووە، کاتێك (دایکی ئیمانداران) عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ئەمەی بیست؛ بە سەرسوڕمانیەوە ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئافرەتان وپیاوان هەموویان سەیری یەکتری دەکەن؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە بۆی، وفەرمووی: ئەو وەستان وزیندوو کردنەوەیە لە پاش مردن وئەوەی تێیدایە لە ناڕەحەتی؛ ئەمە گرنگترە بە لای خەڵکەوە بۆیە ئاوڕ نادەنەوە بۆ سەیرکردنی عەورەتی یەکتر.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5460